# گۆڕانی ئەنجومەنی ژنان بۆ ئەنجومەنی خانمان بۆ؟

**سەبریە غەفار** ..........

لەگەڵ هاتنەئارای دەسەڵاتی خۆماڵی و دروستبوونی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستاندا، پێکهێنانی شەش کابینەی یەک لەدوای یەک لەماوەی ئەوچەند ساڵەدا.

ئەزمونی کوردستان لەتێڕوانین و بەشداری پێکردنی ژن لەپەرلەمان و حکومەت بەبێ بوونی کۆتە و (دیاری کردنی ڕێژە بەیاسایەک) کەبسەپێنرێت تاڕادەیەک ژن بەشداریەکی باشی هەبوو، بۆنمونە بوونی نۆ ژنی پەرلەمانتار لەخولی یەکەم و بوونی وەزیری ئافرەت لەکابینەی یەکەمدا، دەسکەوتێکی مێژوویی و نیشاندانی وێنایەکی شارستانی و سەردەمیانەبوو بۆعەقڵێکی شاخ کەسەرەتای هاتنە ناو کاری مەدەنی بوو. دواتر زیادکردنی ڕێژەی ژن لەکابینەی دووەم و سێیەم و چوارەم و بوونی چوارتا پێنج ژنی وەزیر لەخولی دووەمی پەرلەماندا بەپێی یاساکە ڕێژەی ئافرەت لە٢٥٪ کەمتر نەبێت لەکۆی (١١١) ئەندام (٢٩) ی ئافرەت بوو، بەڵام لەپێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەت لەبەرئەوەی یاساکە نەیدەگرتنەوە لەبری زیادکردنی ژمارەی وەزیری ژن لەسەرتادا تەنها یەک ئافرەتی وەزیر دەستنیشان کرابوو، پاش فشاری ژنانی پەرلەمان ڕێژەکە بەرزکرایەوە بۆ (٣) ژن، بەبەراورد لەگەڵ کابینەی چوارەمدا پاشەکشەی پێوە دیاربوو.

دوای تێپەڕ بوونی چوارساڵ بەسەر ئەو کابینەیەداو تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ بەسەر ئەزمونی دەسەڵاتی خۆماڵی کەڕۆژانە تاڕادەیەکی باش لێهاتنەکانیان ژنە وەزیرو پەرلەمانتارەکان دیاربوو، ئەگەر لەپیاوان بەهێزترنەبوون، لەگەڵ کەمی ژمارەیان و بوونی چەندین تێڕوانینی کلتوری و دابو نەریتی دواکەوتوو.. وزۆرجار نەڕەخساندنی بواری کاربۆیان، بۆیە چاوەڕوان دەکرا لەکاتی ڕاگەیاندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کەلەبەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتدا پەیمانی دابوو گرنگی تایبەت بەدوو توێژ بدرێت ئەویش لاوان و ئافرەتان بوون، بەڵام هەرلەسەرەتای ڕاگەیاندنی کابینەدا پێشێلکاری و پەراوێز خستن دەرکەوت، ئەویش بەدابەزاندنی ژمارەی ژنە وەزیرەکان لەسێ ژنەوە بۆتەنها یەک وەزیری ئافرەت.

دوای ئەوەی دەنگی ناڕەزایی و ڕەخنە گرتن لەڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان و هەندێک لایەنەوە بەرزبویەوە بۆسەرۆکی حکومەت و ویستی لەڕێگەی دروست کردنی ئەنجومەنێکی تایبەت بەژنان برێک دڵنەوایی ئافرەتان بداتەوەو شتێکی ڕەمزی دروست بکات. کەدەڵێم ڕەمزی ودیکۆری، چونکە هەرلەپێکهاتەوە دەسەڵاتەکانی ئەو پرۆژەیەی کەلەلایەن حکومەتەوە بۆئەنجومەنەکە پێشنیارکرابوو پەیکەرێکی لاواز و بێ دەسەڵات دیاربوو، دواتر ئەوەی کەجێگەی لەسەر وەستانە و قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، گۆڕینی ناوی ئەنجومەنەکەبوو لەئەنجومەنی باڵای ژنانەوە بۆئەنجومەنی باڵای خانمان! کەئەمەش بەئاشکرا دیاربوو بۆ؟ چونکە ئەگەر ئافرەتان بێت، ئەوا ژنانی ئەملا پێی ڕازی نابن، و ئەگەر ژنان بێت، دەسەڵاتی ئەولا پێی ڕازی نابن!!

ئەگەر تائێستا نەتوانرێت ئەم سیاسەتانە وەلا بخرێت و جەوهەرو ناوەڕۆک بنەمای کارو هەنگاوەکانمان بێت، دەڵێم داخۆ ئەوکەسانە دەتوانن هەنگاو بنێن بۆچارەسەرکردنی کێشە ڕیشەدارو زۆرەکانی ژنان؟ ئەگەر ژنانیش خۆیان ڕزگارنەکەن لەپاشکۆیەتی سیاسی و حزبی، ئەوا هەمیشە بەرپرسیاریەتی دەدرێتەوە بەپیاوان و مەسەلەکانی خۆشیان دەبنە قوربانی کێشەی سیاسیی وڕیشەدارەکان، هەرئەوحاڵەشە وایکردوە ئەمکارانە بەرپرسیاریەتی یەکەمیان بدرێتە دەستی پیاوان، کەئەمەش لەدووڕەهەندەوە خوێندنەوەی بۆدەکرێت، کەئەو ژنەی بەرپرسیاریەتیەکەی دەدرێتێ سەربەکام حزب بێت لەدووحزبە دەسەڵاتدارەکە، کەکەسیشیان بەکەسیان ڕازی نابێت. لەلایەکی ترەوە پێوەری حزبی هێندە زاڵە، لێهاتن و پسپۆڕێتی هیچ حسابێکی بۆناکرێت، کەکەسێکی پسپۆڕو شیاو وتەکنۆقرات بەبێ گوێدانە لایەنی فکری و سیاسی بۆئەوکارانە دیاری بکرێت، پێویستە ئەم بڕیارانە بۆئەوەی بەرهەمدارو عەمەلی بن بدرێنە دەست ژنان خۆیان و هەڵبژاردن لەناوەندی خۆیان بکەن، نەک تەعیین و سەپاندن.

دیاریکردنی وشەی خانمان لەبری ژنان یان ئافرەتان، واناازانم ڕاڤەیەکی زانستیو ئەکادیمی بۆکرابێت، جگە لەخۆڕزگارکردن لەشەڕی سیاسیو حزبی. ئایا کوردستان تەنها لەژنانی ئەو دوو لایەنە پێکهاتووە؟!

ئایا پرس و ڕاوێژ بەڕێژەیەکی بەرچاوی ژنان کراوە وەک نوێنەرایەتی سەرجەم لایەنەکان بۆدیاری کردنی ئەوناوە؟!. ئایا زاراوەی (خانم) ئەومەبەستە دەگەیەنێ کەبڕیارە ئەنجومەنەکە کاری بۆبکات؟! ئەبوایە لەڕووی زانستی و ئەکادیمی بزانرایە کام لەم زانراوانە (ژنان، ئافرەتان، خوشکان، خانمان) زیاتر گشتگیرەو گونجاوە، بەبێ گوێدانە ئەومجاملاتانە.

باشتروایە ناوەڕۆک و بەرنامەی کاری ئەم ئەنجومەنە بەجۆرێک بێت، بێ جیاوازیو دادپەروەرانە لەخزمەتی هەموو ئافرەتانی کوردستاندا بێت، ئەوئەزمونە تاڵەی ساڵانی ڕابردوو بسڕێتەوە کەهەموو دەسکەوتە مادی و مەعنەویەکانی حکومەت و دەزگا جۆراوجۆرەکانی خرابوویە خزمەت هەردوو ڕێکخراوی سەربەدەسەڵات و بوونی بودجەو بارەگای تایبەت بۆیان وەقۆرغکردنی هەموو سەفەرو نوێنەرایەتیەکانی دەرەوەی وڵات بۆئەوان، بگرە زۆرجار سەرۆکی هەرێمو حکومەتیش لەکاتی کۆبونەوەیان لەگەڵ ڕێکخراوەکان هەندێک ڕێکخراوی تریان فەرامۆش دەکرد، ئەم ئەنجومەنە بالەهەنگاوەکانی سەرەتایدا ئەگەر دەیەوێت بەعەمەلی کاربکات پسپۆڕی و خاوەن ئەزمونی ڕەچاو بکات و پێکهاتەیەکی تێکەڵ بێت و ڕەچاوی پرۆژەی ئامادەکراوی ئەوکۆمەڵە ڕێکخراوو کەسایەتیانە بکات کەلەلایەن ژمارەیەک لەئافرەتانەوە ئامادەکراو پێشکەش بەحکومەت کراوە. بۆیە دەڵێین بابەسبێت سەپاندنی پرۆژەی سەروو (فەوقی) وخوێندنەوەی بەسەر خەڵکدا، باخاوەن مەسەلەکان خۆیان قسەبکەن و بەشداربن.

بابەس بێت بچوک کردنەوەی ئەزمونێکی تەمەندرێژ و نەتوانینیو وەلانانی گرفتی لاوەکی و بەقوربانی کردنی مەسەلە گرنگەکان لەپێناو هەندێک سیاسەتی بێ ناوەڕۆک، بابەس بێت ڕێبەرایەتی پیاو بۆژن، باخۆیان بڵێن و خۆیان سەرپەرشتی کاریان بن.

باگیانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن و بەرجەستەیی کردنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دیموکراتیەت وەک خۆی بێنینە دی و بەشێوازێکی کرداری لەلایەن خاوەن دەسەڵاتە باڵاکان بخرێتە بواری پراکتیکیەوە ولەسەر حسابی کارو ئەزمونەکانمان مجامەلەی یەکتری نەکەین، وشەی شیاو بۆکارەکانمان دیاری بکەینو کەسی شیاویش بۆشوێنی شیاو دیاری بکەین



> دیاریکردنی وشەی خانمان لەبری ژنان یان ئافرەتان، واناازانم ڕاڤەیەکی زانستیو ئەکادیمی بۆکرابێت، جگە لەخۆڕزگارکردن لەشەڕی سیاسیو حزبی.

# ماڵی ژنە نەخۆشەکان

**شانۆ عارف** ..........

ئەوکاتەی بەسەر گردەکەدا هەڵدەگەڕاین، ڕووەو بینا سپیەکە دەڕۆشتین کەباوەشی بۆئاسمان کردبۆوە، هەوایەکی پاکژ و خۆرەتاوێکی گەرمو سەوزایی شاخو دەشتەکان لەگەڵ دار بیەکان دیمەنێکی وایان بەو ناوە بەخشی بوو وەک ئەوەی پایزی ئەمساڵیان نەدیبێو ئەوە بەهارە لەجێی پایز لەسەر ئەو گردە دانیشتووە.

ئێمە کۆمەڵێ هاوڕێی زانکۆ کە گەشتینە بینا سپیەکە، توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو ڕوومان هاتن و زۆرخۆشحاڵ بوون بەبینینمان، دوای دانیشتنێکی ورد لەژورەکەیان، ئێمەیان بردە لای ژووری ژنە نەخۆشەکان، بینا سپیەکە ماڵی ئەو ژنانەیە کە نەخۆشی دەروونیان هەیە، لەوێ دەژین، لەنەخۆشخانەی (سۆزی دەروونی)، کە لە٢٠٠٨/٣/١٥ دامەزراوە. بڕی (١٥٠) ملیۆن دیناری تێچووە، بینایەکی فراوانو پاکو خاوێنو بێدەنگە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها (٣٠) نەخۆشی تیایە، بەچاودێری (د. ئەفرام) بەڕێوەبەرو (٣) توێژەری دەروونیو (٦) توێژەری کۆمەڵایەتیو (٣٦) یاریدەدەری پزیشک، جگە لەکارمەندانی بەشی کارەباییو میکانیکیو خزمەتگوزاریەکان، ئەمەش وای لەحکومەتی هەرێم کردووە بەگوێی ئەواندا بچرپێنێ "گەر ژمارەی نەخۆشەکان زیاد نەکەن دایدەخەین"، ئەو ماڵە هێمنە، تەنها (٣٠) ژنی نەخۆشی لێیە، جگە لە (٤) نەخۆشی دەروونی کە هەر لەوێ چاکبوونەوەو ئێستا لەماڵو حاڵی خۆیانن، بەوتەی بەڕێوەبەر ڕەنگە لەداهاتوو بەشی نەخۆشی دەرونی پیاوانیشی لێ بکرێتەوە.

کاری توێژەرەکان دواندنی نەخۆشەکانو دۆزینەوی گرفتەکانیانە، هاوکات گفتوگۆ لەگەڵ خێزانەکانیان "ڕاستکردنەوەی شێوازە هەڵەکانی مامەڵەکردنی ئەوان" زۆرێک لەنەخۆشەکان ئەوێ بەجێگەی ئارامی نابینن‌و هەندێکی تریش حەزدەکەن نەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، ئەو(٣٠) ژنە لەشارە جیاوازەکانەوە هاتوون، زۆرترینیان توشبوون بە شیزۆفینا، کە نەخۆشیەکەو نیشانەکانی ئەمانەن: ترسناکترینیان "بیرومێشکیان تێکدەچێت، گۆشەگیرن، خەویان ئەزڕێو تووشی زیندەخەوی دەبن، باری سۆزیان تێکدەچێ، زوو هەڵدەچن، دوو بیروڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی یەک شت "لەوێ خزمەتی چاکیان دەکەن، تەنانەت یاریدەدەری پزیشکەکان زۆرجار هەندێک لەو نەخۆشانە دەشۆن کە نایانەوێ خۆیان بشۆن. سێ ژەمە نانی چاکیان هەیە لەگەڵ میوە، هەروەها توانراوە بەشێوەیەکی زانستی کاتە بەتاڵەکانیان پڕبکەنەوە بەکاری دەستی وەک ئیشی سیرامیکو بەرگدورین، هەروەها کتێبخانەیەک دروستبکەن کە تازەترین کتێبی تیابێت، جگە لەوەی ژووری ئارایشتو ژووری وێنەکێشانو هۆڵی وەرزشیان بۆ کراوەتەوە، ئەو ژنانەی لەپلەی جیاجیاوە هاتوون هەر لەمامۆستاو ئەندازیارەوە تا ئەو ژنەی کە ڕۆژێک لەڕۆژان لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی سەوزەی فرۆشتووەو ئێستا پرچەکانی سپی بووەو منداڵەکانی دەریانکردووەتە دەرێ، چونکە نایانەوێ لەگەڵ نەخۆشێکی دەروونیدا بژین، لایانوایە شێتە، کە ئەو وشەیە بنەمایەکی زانستی نییە، ژنە ئیشکەرەکە وائەزانێت مناڵەکانی ونبوونو بەوتەی خۆی (سەرنگوم بوون)، چەندینجار پێی وتوون کە تووڕەبوونی ئەو بەهۆی دوورییە لەمنداڵەکانی، قەناعەتی وابوو (خەونی کۆشکو تەلار ناگاتەوە بەخەونی ماڵی خۆت).

(زارا) ناوی ئەو کچە ئەسمەرەبوو کەنەخۆشی مانی گرتبوو، کەیەکێک لەنیشانەکانی ئەوەیە کەهەردەم پێدەکەنێتو هەڵدەپەڕێت، ئەو تادووی ناوەندی خوێندوە، ئێستا کچێکی گەورەیە، کاتەکانی لەوێ زۆرخۆش دەباتە سەر، لەگەڵ هاوڕێکانیدا پێدەکەنێتو هەڵیاندەپەڕێنێت، قسەزانو خوێنەری کتێبە ئەدەبیەکان بوو، چەندین پارچە شعری لەبەربوو، گەرچی بە (مینگ) قسەی دەکرد، جارجار نوکتەی دەگێڕایەوە...

پێویست دەکات ئەوە بزانین کە کۆمەڵگا بەتایبەت خێزان بەرپرسیارن بەرامبەر بەو ژنانە کە تووشی نەخۆشی بوون، دیارە هەریەکەو هۆکارێک وای لەوان کردوەو نەیانتوانیوە وەک مرۆڤێکی ئاسایی بەرگە بگرن، بۆیە ڕێزگرتنیان ئەرکی سەرشانمانەو بەرپرسیاریەتیەکی مرۆڤانەو دینیو نیشتمانییە.

